دەرکەوت و ئاسانکاری بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی کرد ، بەڵام وادیارە شاپوور لە پەیوەندی مانی نیگەران دەبێ ، چونکە تەنها ماوەی دە ساڵ ڕێگەی پێ دەدا بۆ بانگەشەکردنی ئایینەکەی ، دوایی مانی دەستگیردەکا و ڕەوانەی ئاسیای ناوەڕاست دەکات ، لەوێش سەردانی هیند و چین دەکات و خەڵکی بانگێش دەکات بۆ پەیامەکەی ، بەڵام پاش مردنی شاپووری یەکەم (٢٧٢)ز گەڕایەوە بۆ ئێران و لە سەردەمی (هرمزی کوڕی شاپوور) مانی گرنگی زۆری پێ درا ، بەڵام دیسان دەرفەتی کەمبوو بە هاتنە سەر تەختی (بەهرامی برای هرمز) دژایەتی کرا و بە زەندیق لە قەڵەم درا ، سەبارەت بە کاریگەرێتی مانیزم لەسەر ئایین و تایفە ئایینییەکانی کورد ، ئەوا زۆرێك لە بیرواکان ئەوە دەردەخەن ، کە ئایینی ئێزدی کاریگەری ڕاستەوخۆی مانیزمی لەسەر بووە ، تەنانەت هەندێك لە نووسەران بە مانیزم یان لقێك و ئایینەی دەزانن ، (محەمەد زەکی) دەڵێ: بنەمای ئێزیدیایەش مانی بیر و سورچووەکەشیان زەردەشتییە ، (صدیق دملچی) دەڵێ: ئێزیدی لە مانیزمەوە سەرچاوەی گرتووە و پاشان بۆیەکی ئیسلامی وەرگرتووە ، هەروەها هەردوو خزرهەڵاناس (لابارد ـ ئیسپرۆی) وتوویانە: بەهۆی نزیکایەتی بەهێزی هەردووکیان پێی دەچێ سەچاوەی ئێزدیایەش مانیزم بێت ، هەرچەندە هەندێك ئێزدی بۆ (یەزیدی کوڕی معاویە)ی دووەم خەلیفەی ئومەوییەکانی دەگێڕنەوە ، بەڵام ئەم ڕایە لاوازە و دوورە لە ڕاستییەوە ، (م.کەیوان ئازاد) لە نامەکەیدا (مانیزم ) پاش هێنانەوەی ئەو



ڕایانەی سەرەوە دەکاتە ئەو ڕاستییەی بڵێی: ئایینی ئێزدی لە سەدەی ٣ ز تاوەکو ١٢ ز بە مانیزم دەناسرا ، لەو مێژووە بە دواوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆیان بە ئێزدیایەتی دەناسرێت ، هەرچۆنێك بێت ناتوانێ کاریگەریی ئایینی مانی لەسەر ئێزدی داماڵێ و خاڵە لێکچووەکانیان بشاردرێتەوە ، لەوانە: پیرۆزی خۆر و مانگ و ئاگر و پیرۆزکردنی ڕۆژانی شەممە و باوەڕبوون بە دۆنادی ، ئەنجامدانی نوێژ و ڕۆژووگرتن ، ناشتنی مردوو ، باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی ، چاکەکار بۆ جیهانی ڕووناکی و خراپەکاریش بۆ جیهانی تاریکی سەرئەنجام وەرگرت ، ئەمە چەندین ترادسیۆن و سروێنی ئایینی لەو جۆرانە سەبارەت بە پەیوەندی ئایینی مانی بە کوردەوە وەکو ئایین و تایفە ئایینییەکانی تر بە دوور نییە لە هەمان پەیوەندی گەلانی ئێران و ناوچەکە ، ئەوەی گرنگە لێرەدا سەرەتایی دەرکەوتنی ئایینی مانەوەی پێویستە سەرنج بدەین ، کە ئایینی دیانی لێرەدا سەرەیی دەرکەتنی ئایینی مانەوییە ، پێویستە سەرنج لەو ناوچانە بدەین ، کە ئایینی دیانی زیاتر لەخۆ گرتووە بە بەراوورد لەگەڵ زەردەشتیدا ، کە لە ڕاستیدا ئەم ناوچانە بە کەمتر دێنە بەرچاو ، یەکێك لەو ناوچانەی تەواو کاریگەر نەبوو بودیە و ئایینی زەردەشت هەرێمی جەزیرە بوو بەهۆی بوونی (ئاینی مەسیحی) و دەسەڵاتی نابەردەوامی ڕۆمەکان لە ناوچەکە ، مانەوی لەم ناوچەیە کاری خۆی کرد ، بە جۆرێك ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی (براون) وتوویەتی: مانەویەت زەردەشتیەکە مەسیحی کراوە زیاتر لەوەی مەسیحییەکی



زەردەشتی کراوبێ ، بە هەرحاڵ ئەوەی گرنگە ئایینی (مانەوی) هەم لە کوردە زەردەشتییەکانەوە نزیکبووە و هەم لە کوردە مەسیحییەکان ، هەر بۆیە ناوچەکانی پارس ـ خورستان ـ لوڕستان ـ شارەزوور) چەند ناوچەیەکی دی ئایینی مانی تێدا بڵاوبوویەوە ، تەنانەت باس لەوە دەکەن ، کە مانی بۆ خۆی سەردانی گەلێك ناوچەی کوردنشینی کردووە ، لەوانە شاری هەولێر بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك تێدا ماوەتەوە و پەیرەوانی بۆ خۆی پەیداکردووە ، لێرەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین ناوچە کوردنشینەکان کەم تا زۆر بۆ ماوەیەك پاش بانگەشەکەی مانی و سەردانی ناوچەکە پێی دەچێ ئەم ئایینەیان وەرگرتبێ ، بە جۆرێك هەتا هاتن و پەیدابوونی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ناوچە کوردنشینەکان لە سەدەی ٧ ز ، تەنها ئایینی زەردەشتی شوێنکەوتووانی زیاتر بووە لە ئاینی مانەوی لە ناوچەکە ، بەڵام پاش ساڵی ٢٥٢ ز و فشار خستنەسەر ئایینی مانی لە لایەن دەسەڵاتی ساسانییەوە ، لەو سەردەمە بە دواوە لە ئێراندا تەنها لە سەردەمی (هورمزی یەکەم ٢٧٢-٢٧٣ز) نەبێ ئێدی فشارێکی توند کەوتە سەریان ، دیارە بڵاوبوونەوەی ئایینی مانەوی بەو شێوەیە لە کوردستاندا کۆمەڵێك فاکتەری یاریدەری هەبووە ، لە گرنگترینیان خراپی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری موغە زەردەشتییەکان و قورسکردنی بنەماکانی ئایینەکە ، کوردە زەردەشتییەکانی بێزارکرد ، بەمەش ئایینی مانی خۆی کرد بە ئەلتەرناشیف ڕۆحیان ، خاڵێکی تری کاریگەری لەم ڕووەوە ڕێگەدانی فەرمی مانی بوو لە لایەن دەسەڵاتدارانی



ساسانییەوە (بە تایبەتی سەردەمی شاپووری یەکەم) و سەردانی خودی مانی لە پاشاندا بۆ ناوچە کوردنشینەکان بە هۆکارێکی تری بڵاوبوونەوەی ئەم بیرە دادەنرێت لە کوردستاندا ، ئایینی مەزدەکی بیروباوەڕی مەزدەکی لە دەورووبەری سەدەی پێنجەمی زایینی سەریهەڵدا لە لایەن موغێکی زەردەشتی بە ناوی (مەزدەکی کوڕی بامداد) ، ئەم بیرەش گۆڕانکارییەك بوو ، کە لە بیروباوەڕی مانیدا کردی و پێی هەستا و بانگەشەی بۆ کرد و دژی ڕژێمە چینایەتی و توندوتیژەکەی دەوڵەتی ساسانی (ئایینی زەردەشت) وەستا ، مەزدەك توانی پادشا (قوباد ٤٨٨-٥٣١) بهێنێتە سەر باوەڕەکەی ، بەڵام زۆری پێناچێ پادشا قوباد لە ژێر گوشاری پیاوانی ئایینی زەردەشتی هەڵدەگەڕێتەوە و جێگە بە مەزدەك لەق دەکرێ ، هەتا وەکو لە سەردەمی شا نەوشیروان کوژرانی خودی مەزدەکی لێدەبێتەوە ، بڕوابوونی مەزدەکیەت بە یەکسانی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری کارێکی وایکرد لە نێو چینی هەژاراندا بە خێرایی بڵاوبێتەوە و باق و بریقی بۆ پەیدابکەن و پێوەی پەیوەست ببن ، بەڵام هاوکات بە پێچەوانەوە چینی کاسبکاران و بازرگانان و ڕووناکبیران کەمتر باوەڕیان بە مەزدەکیەت هێنابوو ، چونکە ئەو یەکسانییەی کە مەزدەك بانگەشەی بۆ دەکرد لە بەرژەوەندی ئەم چینانەدا بوو ، کە بزوێنەری کۆمەڵگای بودییە ، سەرئەنجامیش ئاقاری ڕووداو و گۆڕانکارییەکان بە بەرژەوەندی ئەوان کۆتایی پێهات ، لە ڕاستیدا بانگەشەی یەکسانی ئابووری (ماڵ و سامان لە نێو هاوڵاتیاندا) وای زۆرێك